# دەنگێك لە كەركوكەوە

## بەشی دووەم

**كاوێزمەلاپەروێز**

**كەركوك**

ملمەلأنێ بۆ پایە و پۆست رەوایە, دڵنیام ئەگەر سەركردایەتی كوردستان لە بەغدای پایتەختی ئێرق پۆستی شیاو یان سیادیان پێ نەدرێ راستر وایە بلێن وەچەنگ نەكەوێ دەگەرینەوە بۆ كوردستان و نەفرەت لە ئێراقی بونیان دەكەن باوەر بە ئێمەش دێنن كە ژیان لەگەل ئێراقیەكان و لە چوار چێوەی ئەم دەوڵەتە مافەكانمان زامن ناكات ئەمە رەوای حەق..وەلێ ئێمە لە كوردستان چیمان كردوە بۆ ئەوەی خەلكی تری كوردستانی(غیری كورد) هاوبەش بكەین لە دەسەلأت و حكومرانی وولأتەكەمان؟!..

بە بایەخەوە لە پۆست و پلەو پایە رەسمیەكان دەروانم ولە توانای پارتی و یەكێتیش گومانم نیە بۆیە بە لامەوە گرنگە پۆست و پایەكان عەداڵەتیان تێدا هەبێ كە وادەزانم دادپەروەری لە دابەش كردنی پلەو پایەی حكومی و رەسمی بە خێری وولأت دەگەرێتەوە...هەر لەو روانگەیەوە دەكرێ بۆ یەك لەو پۆستانەی حكومەت و پەرلەمان و جێگری سەرۆكایەتی هەرێم توركمان و عەرەبی كوردستانی بەشداریان پێ بكەین, بەوەش هەم پشتیوانی توركیا وەدەست بخەین,هەمیش زۆرترین عەرەبی كوردستانیش بە لای مەرامە سیاسیە رەواكانی خۆمان راكێشین..باوەرم وایە دەوڵەتێكی رەزا گرانی وەك توركیا پشتیوانمان بێت لە بەژەوەندیمانادیە نەك دژمان, توركیا یەك وەرقەی كاریگەری لە گۆرەپانەكە بۆ دژایەتی كردنی خواستە كانی كوردستان بەدەستەوەیە ئەویش بەرەی توركمانەیە هەر بە رێگای ئەو بەرەیەوە دەوڵەتی تورك جۆرەها كار بە تایبەت لە كەركوك و موسل بە جێ دەگەیەنێ بە تایبەت كاری سیخوری...ئامانجی سەرەكی تورك لە قایم كردنی پێگەی خۆی لە شاری كەركوك دژایەتی كردنی خواستی كوردە بۆ گێرانەوەی كەركوك بۆسەر هەرێمی كوردستان...بۆیە سیاسەتمدارانی كورد دەتوانن پۆستێك بدەن هەم دەمی هاری توركمان لێك نێن هەمیش تورك بێننە سەر ئەو باوەرەی گەورەتر لە بەرژەوەندی شارێك كە قورسایی خۆی خستوەتە سەری لە كوردستانی خودان پێنج پارێزگا بەرژەوەندی فراوانتری دەبێ و دەپارێزرێ.

عەرەبیش بە تایبەت عەرەبی كوردستان ئەوانەی لە سالأكانی بیست و سیەوە جێگر بوونە دەكرێ بە بەشداریكرنیان لەو پۆستانە مەیلیان (ئینتمایان)بە لای كوردستاندا رابكێشرێ وەك ئەوەی لە دوای پرۆسەوە ئەوانەی كە مێژوویەكی پر لە تەبایی و برایەتیشیان لەگەل كورددا هەبوو بوونە دژی خواستەكانی كورد بۆیە وا چاكە پێداچونەوە یان ئیزافەیەك بۆ ئەو رێكەوتنە بكرێت.

K_mlaprwez@yahoo.com